# هێزەکانی داگیرکاری ئەمەریکا،دەچنە سەر بارەگای کۆنگرەی ئازادی عیراق لە بەغدا

ڕۆژی 7و8 ی ئەیلوول 2006 هێزەکانی ئەمەریکابۆ 2چار چوونە سەر بارەگای کۆنگرەی ئازادی عیراق لە بەغدا.شیعارەکانی کۆنگرە دژ بە داگیرکاری وپۆستەرو لافیتەکانی هاوپشتی و هاوپەیمانی لە جیهان بۆ جەماوەری خەڵکی عیراق کە لە ناو بارەگای کۆنگرە هەڵواسرابوون،بوو بەهۆی تووڕە بوونی هێزەکانی ئەمەریکی،و هەروەها کارو چالاکی یەکانی کۆنگرە تەنگی پێ هەڵچنیوون و بووە هۆی ئەوەی کاری ئیستیفزازی و چاو شکاندن بگرنە بەر بەرانبەر کۆنگرەو دەرگاو پەنجەرەی ناو بینای کۆنگرە بشکێنن ودەست بگرن بەسەر هەندێ لە کەل و پەلی ناو بارەگاکە.

ئەو کارەی کە هێزەکانی داگیرکەر پێ ی هەستاون تازە نی یە لە بەرنامەو سیاسەتەکانی دژ بە بەرهەڵسکارانی و مخالفینی تاوانەکانی و هۆی بوونی لە عیراقدا.ئەم کارانە پەردەی لە ڕووی ماهیەتی ئەم هێزە تاوانبارە هەڵمالی و لەهەمان کاتدا ،پڕوپاگەندە و درۆکانی کارگێری ئەمەریکا و سەرۆکەکەی بوش بۆ دیموکراسی، ڕیسواو ناکام دەکا.بەم کارەشیان لەنوێ ئەوەیان ڕوون کردەوە، کە داگیرکردنی عیراق و وێرانکردنی هەموو پایەکانی کۆمەڵگا تێیدا و هاندانی دانیشتوانی بۆ کاری لەناوبردنی ڕۆژانە،تەنها سیاسەتی ئەو کارگێڕە هارەیە لە پێناو داسەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر هەموو دنیادا،لە ڕێگای شکاندنی وورەی جەماوەری تینوو بۆ ئازادی.

لەوکاتەی هێزەکانی ئەمەریکی سۆز دەدەن بە باندە تایەفی یەکان، و چارەنووسی کۆمەڵگایان خستە دەستیان و بەسەر شانی جەماوەریان داسەپاندن،لەهەمان کاتدا،هەوڵ دەدات کە فشاری زیاتر بخاتە سەر هێزە ئازادی خوازو بەرهەڵسکارەکانی دژ بە پرۆژە کانی بۆ مانەوەی لە عیراق ،ئەویش لە ڕێگای ئەو کارە قێزە وونانەی کە لەسەرەوە باسمان کردن.ئەم کارانە کەس ناجووڵێنێ بەرانبەر کوشتاری ڕۆژانەی بێ تاوانان لە ڕۆژی ڕووناکدا ،و کاری لەناوبردنی تایەفی کە لە لایەن باندە هێنراوەکانی یەوە و بەپارەی دزراوی کۆمەڵگا دروست کراون ئەنجام دەدرێن.لەوەش واوەتر،ئەمەریکاو حوکمەتە دەستکردەکەی ،کە شکستیان هێناوە لە هێنانی ئەمن و ئاسایش وفەراهەم کردنی سادەترین پێویستی یەکانی ژیان.ئەم کارانەی کە پێیان هەڵدەستێ ،نیشانەی دیاری شکست هێنانیەتی لە عیراق.

کۆنگرەی ئازادی عیراق،لەو کاتەی کە ئیدانەی ئەم کارانە دەکات کە هێزەکانی داگیرکەری ئەمەریکی پێ ی هەڵدەستن،لە هەمان کاتیشدا،بەیانی دەکات کە ئەم کارانە تەنها دەبنە هۆی زیێتر سووربوونی کۆنگرەی ئازادی عیراق بۆ درێژە دان بە خەباتی لە پێناو کۆتایی هێنان بە داگیرکاری.بۆیە "بەبێ کۆتایی هێنان بە داگیرکاری ،ئەمن و ئاسایش و جێگیری نایەتەدی"!

**مردن، بۆ تیرۆری هێزەکانی داگیرکەری ئەمەریکی!**
**بژی ،خەباتی جەماوەری عیراق لە پێناو ئازادی!**
**بژی ،کۆنگرەی ئازادی عیراق!**

# کۆنگرەی ئازادی عیراق

2006-9-8